# مۆنۆلۆکە ئێرەییەکان

عبدولّا علی
کۆتای ١٩٩٦
سلێمانی

له م عه رشه وه ده دوێم
له م زیندانی ڕۆحه وه
له لوتکه په رژینی نامۆییه وه
کاتێ چه مۆڵه ی کۆتره کان ده نرێته سه ر ووجوود
له و سیما دلێرانه وه که خه نده ی گیان و ،خه ره ندی لێکچونن
نه زام پڕ به گه رو ده گری و
نه گۆرانی سروه ئاسادێت٠
هه موو شته کان وه ستاون،وه ستاو،هه موو وجودمان ده گری و
هه موو لێوه کان له بایه وانی لرفه ی بیرا،
په ڕۆی ته زوه ڕوته کان،ده پێچن له جه سته یانه وه،
ئه م بونه خه ڵوه تیه، نایه ته سه ر کێله کانمان،
نه ئه و ده وه ستێ و نه جۆگه تاریکه کانی کوێر بوون
ڕێگا له غاو کراوه کانیش، وه ک نێوچاوی
ئه و گورگه که ڵبه سپیانه ی ژه هر ده ڕێژن و
منالّه کانیش له ته نگه به ری تاریکی ته نهایدا
خه ون به ده ریای شیره وه ده بینن،دێژن و
گه وره کانیش له به ر ده م حزوری شه یتانا
بۆ په لکه نمای ئێواره ڕوخاوه کان
له سه ر قاچێک پێده که نن
ئه م داده ته م ئاسایه بۆ! ئه مه غوربه تی کام که ڵه که؟
ئه م بالاّ شه نگانه،له شه قامه سوالّکه ره کاندا دێنه سه رچۆک٠
من لیره وه ده دوێم ،له م فه نا بونی ڕۆحه وه
له سێداره غه مباره کانی ئومێده وه

له تێک ئاڵانی گه ڕیده کوژراوه کان و
بازنگی ته نهای،مه چه کی هه تاوه چاوتیله کانه وه،
له م عه رشه ڕوته وه ده دوێم،
هه موو شه قامه شێداره کان ده مانباته وه سه رسفر
هه موو باڵاکان ده مان باته وه سه ر هه یبه تی توانه وه
له خۆڕا، له توڕه بوونی ته وێڵی ده ریاکانه وه
له قامیشه وه ستاوه کانه وه
ئه و چاوانه ی که ڵه گیای بێهوده یی ده ڕننه وه
له شێواوی و مه لولی ته رزه ڕۆحانیه کان
ئه وانه ی خشڵی شه پۆل وسه ریان هه ورو
دڵیان بای وه شتی وڵاته سه رخۆشه کانه،
داده بارن و،داده بارن،که هه ڵده که ن
ستونی ده واره کان و،لاولاوی ژینگه خه ماویه کان
ده ڕژێننه لوله ی شه وه زه نگی که پره نه شاره زاکانه وه
چ مه رگێکه،ئه ستێره ئاسا دێت و
ده ڕژێته سه ر ئه م ئێواره خاپوره ی ناخم
نه ئه و ماندو ده بێ و نه من،هیچمان
ده ست له ملانی ئێواره زه ردباوه کان نابین
هه موو تارماییه کان بۆ ئێره دێن
شه وه کان لێره وسڵ ده رده که ن
نه داده به زن و نه ده وه رن،ئه مانه
خه ونی په نجه ره کانیان ده ڕه وانده وه
دره خته پێخاوسه کانیان تیرباران ده کرد
هه موو شته کان خۆڕاییه،ئه شکه وته بێبه ڵاکان
بوونه ته ڕۆخی شه قامه به ستوه کانی شار۰۰دێن و
"بۆن به چاومانه وه ده که ن"به شمشێرێ له نه زانین
شوشه به نده کانی بینای دڵمان

ده ده نه به ر به ردی تف و ئه م ده ڤه ره یان کردۆته
گه وڕه که ی سوڵتان،
بۆنه کان ده ست له ملی ئێواره گه ڕاوه کانه،لێره وه
له م ئێواره بێکه له پۆیه وه،دوا سه فه ری خۆم ده ست پێکرد
سوچه نه به زیوه کانم کرده مه نزڵ،
به م کاته ڕه نگ مسییه،هه ڵوه دای ڕوگه خۆلاویه کانم،
نه ده ته کێ و نه لێم ده بێته وه
ئه مه ڕزیوو بوونی ناخی شه وه کانه٠٠ نه خۆی گه رم ده کاته وه
نه به هزری بێتوانای، لێده گه ڕێ
فانۆسه سیحراویه کان دڵم بده نه وه
چاوی مۆله قی ئه م ئێواره پۆلیانه،له سه ر پشتی
سه هۆڵ به ندانه که فیه کان،له گیانه لادان
به ده م ناڵه ی گوزه شته وه ،ئاینده دێننه ده ستمان
سه یره سه یر،گه شکه بوونی جوانییه،
ده، ئه و ده روازانه داخه ن،ئه م ده ڤه ره
نه به خوێن تینوه و،نه پلوسکی بێڕه حمیشی به رداوه
کلافه ی ئه م ژانه بێحه جمه ته،به هیچ دادێ ده سته به ر ناکرێ
مێژویه کی چوارپه ل مارۆیه و،به هیچ سندمێ
به داری به زه ییه وه نابه سرێ
شوێن هه ڵگره و شوێن پێ قۆقزه کان ده که وێت
مرۆڤه زیزه که ی ناخمه و،په ل به مرۆڤایه تیدا ده کات،
هۆ"شا"خوێناوییه کانی ئه م زه وییه،لێبگه ڕێن پشوو بسره وێ،
ئه م فه نا بوونی خوێنه
به بوومه لێڵی ئێواره ی ڕۆحمانه وه بێهوده یه
بێهوده یه کوشتنی ماسییه زیویه کان،شه قکردنی
باڵی کۆتره کان بێسه باتییه،
ئه م ده ڤه ری شه ڕه،نامان باته وه به ر سێبه ره کان

ئه م هه تاوه گومڕایه کوشتمی٠٠ کوشت
ئه م خه ونه جادوییه،ئه م وه یشومه
ده مانباته وه سه ر که لاوه پیسه کانی نامۆیی
گوڵه کانی مێژوو ئاینده له به ر ده که ن
نه فره ت له هه تاو بێسێبه ری حه سانه وه
ئه ی هه ڵاڵه خه نه ییه کان
وه ی مناڵه تۆزاویه کانی ئاینده
لێره وه ،له م شه خته به نده ووێڵه وه
له م شه فه قی مردنه وه ٠٠که په نجه کانمان به سه ر په نجه ره ڕونه کانه وه
خه ون به گوڵه ته ڕه کانه وه ده بینن
ده بنه حه زوو له دووتوێی لێوه کانا ده مخوێننه وه
له باوه شی ژوانه به فرینه کانا٠٠شینای ئاسمان له پێده گرن
چ زه مه نێ به جێماوه ئه م سه ره م!
گومڕاییه٠٠ گومڕایی
پێڵوی سه ر پرده ته زیوه کانن، به حه سره ت و داخه وه
ده ڕواننه زیخه چه وره کانی ته نهای
لێره سه عات و مه چه ک،گۆرانی و زار،چاوو هه ڵهاتن
هه موو باڵا زرافیه کان وه ستاون و هه ر به ته ما
له بومه لێی به یانه وه،له ده لاقه ی نه مرییه وه ده ڕوانن
ده ڕوانن و له په بێوازه کان ده خوێننه وه
هه موو ڕێگاکان داخراون به قفڵی زوڵم و
به ته نووری توانه و،ئێسقانه کانی سه رمان ده زریکێنن
بۆ ئه ودیوو زه ینه نووستوه کان،شه وانه ش
خه ون به ماسی قولاپه وه ده بینن٠
ئه م زیندانه سڕانه که ی بارده که ن؟
کاروانه به زیووه بێڕێگاکان،به گومه زی کام حه لاجه وه ده نیشنه وه؟
ئه م که پکه شاخه که ی ده م له م برینه هه ڵده گرێ؟

جه خار! نه به یته کان کار ده که ن ونه شمشاڵه گڕه کان
هه مووماں،ئا، هه مووماں نه به قفڵه کان ده وێرین و
نه ده توانین ئه م قاتیه له جێگاکانمان دوورخه ینه وه
هه ڵوه داین،وه ک ئه ستێره به ر له ڕوناکی وون ده بین و
زه وی ئاسا به نمه یه ک فرمێسک کزر ده بینه وه
چ زه مه نێکی شێواوه!
ئه ی عاشقه وێرانه که
تۆ مه ته ڵه قورسه هه ڵنه هاتوه کانی،نه ده گه ڕێیته وه
نه ڕووتدێنیٚ ڕووت بیته وه،
ئه م چاخه به ردینه که له یم ده کا،ئه م دارڕوخانه
داهاتومان ده کاته چاڵی حه لبوون
نه میحنه تی ئاواره یم پیٚ ده نۆشریٚ،نه سه ریشم
له به ر ده م چاکی مه لاکانا ده نویٚ وده مریٚ٠
ڕۆژیٚ دادیٚ،ده زانم ڕۆژیٚ دادیٚ
ئه م سه ره زوقمانه ی ئێمه
به پله ی کرژی شه وه زه نگا سه ر بکه ویٚ و
ئه م گه لاٚ شوومه زه ردانه ڕابماڵیٚ،ئه و کاته
ئه ی ئاشناترین ئاشناکانی ئه م دنیایه
کۆشی تۆم بۆ ده بێته پشت و
به هه ردوکمان دار ئه رخه وانه کان له ئامێز ده گرین و
به هه موو ته رزی وو جودمانه وه
گۆرانی و ڕه نگه لێکچوه کانی ئاینده ده خۆین
کراسیٚ له زوقم ده پۆشین و
به ده سته کانمان چه پکیٚ جریوه ده چێنین
تا عاشقانی سبه ینیٚ له په نجه ی چه پی نێن٠
له م ساته ڕووته دا،له بڵندترین ئاراوه
ئافره تیٚ پرچی ده ڕنیٚ و،هه ژارێکی زار شکاویش

به شه قامی نه سره وتیا سه رده که یَ و
کتێبه نهێنیکراوه کانی شێتی به ده سته وه
ڕاده مێنیَ و،به مناره به رزه که دا هه ڵده ڕوانیَ،
ئێمه سه رتاپامان برینه و،حه زی کۆتره کان به ئێمه چی!
چاوه کێڵگه ییه کانمان،به هیوای بارانی ڕه حمه ته و
که هه ڵۆ سنگی مانگ ده ڕنیَ، به ئێمه چی!٠
ئه ی ماڵه سوتاوه که ی ئه و به رم
ئه ی ژنه ده س فرۆشه ڕه نگ مردوه کان
له به ر نه مامی کام خۆرکه دا خۆ ده شۆن؟
کام ئه ستێره ده که نه ئه نگوستی نه به زین؟
ئاشیل،له دامێنی گوڵ هه ناری،کامتانه وه که وته خوار؟
پرچه کانتان بۆ کام ده م خوێناوی ده که نه سێداره؟٠
ئه م که شتیه ڕۆحانیه ی سه رم له م شاره که ڕه دا
جۆ گاکانیش ده پێویَ،له هیچ ناچیَ و ده شچیَ
قه تاره ی ئه م عه رشی زامه ده کاته گه ردن
نه ده وێریَ سه یری بکات و، نه خه ونی پێوه ده بینیَ،
چ سه یره مناڵه شه رمنه کانی حه زی فڕین
فڕین بۆدنیایه ک له میهر، بۆ ئاسمانیَ له به رائه ت
به رائه تی ئه و ڕه نگانه ی ئاقیبه ت دێنه وه و
چاو برِکیَ له گه ڵ ئه لبومی یاده کانا ده که ن
چ سه یره کچه بێنازه کان،ئه و عه سرانه ی به چاوه قه ترانیه کانتانه وه
به سنگی ئۆرزیدا گوزه ر ده که ن،هه موو گیانم ده بێته چاوو
شۆک له بێده نگیتان ده مگریَ و،سه رتاپای ته مه نم هه ڵده وه ریَ
له به ر ده م گه ردنی هه ڵۆتانا،ئاسمان گینگڵی شه وانتانه و
بێده ربه س له سوتان
سه یری ئه م گوڵ بارینه،ئه م که مه نده سه روو گره
نه پێم ده وه رن و نه خه جن و نه سیامه ندم

نه به ته مای دڵداریه خه ساوه کانم
به ڵام چیبکه م حه زم وێڵه وپێیان ده ڵێ"بمرن بۆ ژین"،
ئه ی تاڤگه زوڵاڵه کان
چ زوو به داری بێ به ره وه خه ریک مان
جه سته یه کن به سه ر خاچی قوبه یه کی دێزه وه،بۆ بێده نگن!
ئه ی تینوه کانی زه رده په ڕ
ئه ی کچه ڕه نگینه کانی دنیا، ئێمه چوار په ل شکاوین و
تینووی هه موو برینه کانی ئێوه ین
ئێمه هه ڵناکه ین و ڕازین
ته م ده که ینه به رمان و، به تریفه خۆمان ده شۆین
خواردنمان سه بره و،شه وانه ش مۆمه کان تووڕ ده ده ین و
به تاریکی له ئامێزی یه کتریدا،هه ڵده فڕین و ده مرین
وه ک کۆچه ریه کی سه رشین
خۆمان به دیواره کاندا ده ده ین
ئێمه ئاوێنه کانمان شه رمه زار کرد
گوڵه حاجیله کان به ده ستی ئێمه له ڕه گه وه هه ڵکێشران
مێژووی ئێمه،چه که کانمان بۆ خۆمانه
خه نجه ره بێکێلانه کان، به س سه ری خۆمان ده بڕێ
ئه وه ش تاوانی با بوو٠٠نه وه رزه کانی حونجه کرد
نه له خه یاڵ بترازێ ئاسمانی ده سته مۆ کرد٠
ئه مشه و دامێنی خه ونه کانم، گریانه کانم لێم نابنه وه
له گه ڵ حه زه سه ربڕاوه کانماله خه ڵوه تاین
ئه و بانگی پێغه مبه رایه تی ده چڕێ و
منیش گۆڕه حازره کان پڕ ده که مه وه
پرچی ئاره زوه کانم ده ڕنم
چاوه ڕه نگاو ڕه نگه کانی به فر ده لێسمه وه
له سه ر باڵی په ڕه سێلکه ته ڕه کان

نامه ی چاوه ڕوانی ده نووسم٠
ئه ی ده سگیرانه تووشه که م
ئه ی ئاسمانه خوێنینه که ی سه ر سه رم
گیرفانه کانم پڕ بارانه وله و مێرگانه دا ده بارم
که بۆنی ئێوه یان لێدێ،ئه ی کچانی شاره سوتاوه که م،
چه ندین ساڵه ئه م ده ڤه ره عوریانه
له سه ر ئه سپێک وه ستاوه،بیباته وه سه ر لێواری ژین
ده یانه وێ له میهره به ئه مه که کانا،
کۆتره عاشقه کان به رده ن
له گۆڕستانه تاریکه کانه وه هاتین
یه که م برین ئێمه ماچمان کرد
له خه یاڵی ئێمه دا ئاسمان هه ڵچوو
ئه هریمه نه کان ئێمه ئارایشتمان دانه وه
به زمانی مردن ده دواین ،کۆشه پڕ خه ونه کان
ئێمه هه ڵمان ڕشت ،خه تامان کرد، خه تا
خۆمان قه دماغه کانمان هه ڵده که ند
به پۆل باڵنده کانمان ته ره ده کردوو،له و دیوو سنووره وه
سی،سی،گوله بارانیان ده کردن و، تارو مار
بۆیان هه ڵده ڕشتینه وه
یه که م مێژوو بووین گۆڕمان داهێنا
سینی به هه شت بووین،له و دیوو ته لبه نده کانی زه ینه وه
له بوغراییه وه سه رمان ده رهێنا،
مانگه کانی باوک له بوونه کانه وه
له خه ونه بێ خه وبینینه کانه وه هاتن
دڵمان له دوو تووێی گڕا بوو،ڕووباره خلیسکاوه کان
به ده ست خۆیان نه بوو،به باوه شێ قه ده ره وه
بنجه ڕزیوه خوێناویه کانیان کرده باڵا گه ردانمان

له ده م کردنه وه ی سروشته وه
هه رکفنه و له به ر ئێمه دایه
ئه وه ته ی تابووت هه یه ئێمه تیاڕاده کشێین
شه وه کانمان بێمانگه و
ئه وه ته ی ئاسمانی ئێمه هه یه
نه جریوه ی ئه ستێره و،نه تیشکی ڕۆژی دیووه
قه ده ره،قه ده ر
هه موو خه ونه کان له کۆشمانا بوو
هه ستاین و به تارماییه بێزاره کانمان سپارد
گه یشتین و به ده ستی خۆمان،خولیاکانمان ئه سپه رده کرد
له سه ر سنگی ڕۆژه ته ڵخه کانی خۆمان
نووسیمان هه موو شتێ وه ک خۆی
نه مردین و به برینداری یه شتینیانه وه
یه که م خنکان له خۆمانه وه ده ستی پێکرد
هه موو شتێ له خۆمان و له خۆمان.
باسی چی بکه م؟!
مه رگه وه ڕه کان زۆرن،بازاڕی مشیره کان له بره ودایه
هاتوون جه لاده کانی دوێنێ،
هه موو شتێ قورسه لایان ئینسان نه بێ
هه گبه که یان ئاسمانێ له خوێن و،قوڕگێ له هێڵنج و
زه ویه ک له ڕه حمه تی چه قۆ
چه قۆیه ک بۆ که رت کردنی ئه م بسته غرووره ی ئێمه
شه ڕ هاته ماڵه کانمان
کۆڵانه کان بۆنی خوێنی گرتووه،ته رمه کان ترشان
گه ل! ئه م ووشه یه به ر نه فره ت که وێ
ئه وه ی دایهێنا،ئه وه ی ده یڵێ
به رئاهی مناڵه هه تیوه کان که وێ

شۆڕشگێڕ خۆی و چه کی
به رنه فره تی ژنه ڕه شپۆشه کان که وێ٠
حه سره ته ،حه سره ت
ئه ی مناڵه ڕه نگ په ڕیوه کان
هه موو ده رگاکان داخه ن،په نجه ره خه ساوه کان،
ڕێگا سۆزانیه کان،هه ر هه مویان ده مانبه نه وه
کۆلانه ده رنه چوه کانی مردن
له م ئاسمانه باڵداره دا
به ده م ته مه نه برسکاوه کانه وه داماوم
تۆش هیچ گوڵه کێویله که،هه مووکمان هیچ
ده چینه وه یه که م ویستگه ی شێت بوون،
ئه م ووشه به فرانه ی سه رم،له نۆبوکی به زۆر ده چێ
به ده م هه ناسه ڕه به نه کانه وه
نینۆکه شه یتانیه کانی ده جوێ، نه دێته چاوو
نه ده توانێ له درزی ئه ڤینه وه
سه به ته ی بۆنه کان بپشکنێ
به م عه قڵه وه،به م سه مای ئاگره وه
سێداره کان ده م کراوه ترو،شه ڕه کان به لرفه ترو
هه نگاوه سسته کانمان،به ره و کوێربوونه وه ده چێ
له م شه وه زه نگا ده سووتێین
هه ر ده سووتێن کوخته کانی ئێمه
کوخته کانی هه موومان٠